
# دوای سەرکەوتنی هـ...
# مانگی داهاتوو تیروپشکی جامـ...



دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو هەردوو نوێنەری کوردستان هەولێر و دهۆك توانییان سەرکەون بۆ قۆناغی ٨ی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی وا بڕیارە لە ٧ی مانگی داهاتوو تیروپشکی یارییەکانی قۆناغی ٨ی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ ئەنجام بدرێت لە کوالامپوری پایتەختی مالیزیا.

شێوازی بەڕێوەچوونی یارییەکانی قۆناغی ٨ بە شێوازی چوون و هاتن دەبێت و هەموو یانەکان رووبەڕووی

# بە بۆنەی بە دەستهێنانی جامی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی یاریگایەکی نێودەوڵەتی دەکاتە دیاری بۆ یانەی زاخۆ

دوای ئەوەی یانەی زاخۆ توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا نازناوی جامی هەرێمی کوردستان بۆ تۆپی پێ بە دەستبهێنێت لە یاری کۆتایی لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرانبەر بە دوو گۆڵ، بۆ ئەم مەبەستە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا یاریگایەك بکاتە دیاری بۆ یانەی زاخۆ.


لەمبارییەوە عەبدولوەهاب بارزانی سەرۆکی یانەی زاخۆ لە لێدوانێکی تایبەتدا وتی: ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بڕیاری دا یاریگایەکی نێودەوڵەتی لەسەر یاریگەی ئێستای بارزان بۆ یانەی زاخۆ دروست بکات وەکو دیارییەك بۆ ئەم یانەیە، کە توانی یەکەمین نازناوی لە مێژووی خۆیدا بە دەستبهێنێت.

لە درێژەی قسەکانیدا عەبدولوەهاب بارزانی وتی: بۆ ئەم مەبەستە چەند ئەندازیارێکی تایبەتمەند سەردانی یاریگەی بارزان-یان کرد بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی تێر و تەسەل بە مەبەستی دروستکردنی ئەم یاریگایە، وا بڕیار بوو رۆژی شەممە دەست بە تێکدانی یاریگەی بارزان بکرێت، بەڵام ئێمە رێگەمان نەدا، چونکە لە خولی بژاردەی عێراق چوار یاریمان ماوە و سێ لەم یارییانە لە یاریگەی بارزان ئەنجام دەدەین بۆیە داوامان کرد دوای تەواوبوونی خولی بژاردەی عێراق ئینجا دەست بە تێکدانی یاریگەی بارزان بکرێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا عەبدولوەهاب بارزانی وتی: وەکو دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ سوپاسی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەین بۆ ئەم دەستپێشخەرییە و هیواداریین بتوانین ئەنجام و نازناوی باشتر بۆ یانەکەمان لە پاڵەوانێتیەکان بە دەستبهێنین.



# ـەردوو نوێنەری کوردستان
# ـی یەکێتی ئاسیا ئەنجام دەدرێت



یەکتر دەبنەوە و ئەگەری ئەوە هەیە هەردوو یانەی هەولێر و دهۆك لەگەڵ یەکتر یاری بکەن.

جێگەی باسە هەفتەی رابردوو یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی خۆیدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەران توانی لە یانەی تامبینس رۆڤرزی سەنگافوری بباتەوە بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرانبەر و یانەی دهۆك لە نێو یاریگەی خۆیدا توانی لە یانەی دیمبۆی هیندی بباتەوە بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرانبەر.



## لە رکابەرییەکی بەهێزدا.. شەش ئەندام خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق پاڵێوارە

هەفتەی رابردوو لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق داخرا، کە تیاییدا شەش کەس بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق خۆیان پاڵاوتووە ئەویش هەریەکە لە (حوسێن سەعید، ئەحمەد رازی، ناجح حمود، رەعد حمودی، فەلاح حسەن، مەحمود جاسم زبون) و لە بەرانبەردا (عەبدولخالق مەسعود) تاکە پاڵێوراوە بۆ پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و چوار ئەندام بۆ پۆستی جێگری دووەمی یەکێتی تۆپی پێی عێراق خۆیان پاڵێورا ئەویش هەریەکە لە (خەلیل یاسین، شەرار حەیدەر، هادی ئەحمەد، فەهمی عامری).

لە رکابەرێکی تردا ٣٥ کەس خۆیان بۆ ئەندامیتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق پاڵێوراوە، لە نێوانیادا چوار کوردن ئەویش هەریەکە لە (تاریق عەبدولرەحمان سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی هەولێر و نەوزاد قادر سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کەرکوك و ئیبراهیم قاسم سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی و دکتۆر محەمەد سەعید سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی دهۆك).

پاڵێوراوەکانی تر بەمشێوەیە ( هادی جواد، کازم محەمەد سولتان، عیسام دخیل، فالح موسی، یحیی زغیر، محەمەد جواد صائغ، عەبدولرەزاق عەتیە، عەلی عەزیز، محەمەد خەلیل، حازم محەمەد، محەمەد صاحب، عیماد فاهم، قادر شەمخی، محەمەد عەباس، رائد محەمەد، ئیبراهیم دحلوس، عەلی جەبار، سامی محەمەد، باسم جەمال، تاریق ئەحمەد، رافد عەبدولئەمیر ناجی، عادل کەریم، سەعد مالح، محەمەد خەلەف، ئەحمەد عەباس، لەتیف خەلەف، کامل زغیر، خالید رسن، جەعفەر عەبدولحوسێن، سەلام هاشم، نەعیم صدام).


جێگەی باسە لە چەند رۆژی داهاتوو چەندین پاڵێوارو دوور دەخرێنەوە بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی یاسایی.

خاوەن یەکەم گۆڵی هەڵبژاردەکەیە لە مێژوودا

## یاریزانێکی هەڵبژاردەی کوردستان کۆچی دوایی کرد

بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندە یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێی عادل شاکر کۆچی دوایی کرد، ئەم وەرزشوانە دێرینە لە ساڵەکانی پەنجادا لە شاری هەولێر لە دایکبووە دواتر رووی لە بواری وەرزش کرد و لە ریزی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی هەولێر یاری کردووە و لە ریزی یەکەمی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێ یاری کردووە، کە لە وڵاتی ئێران دامەزرا ئەم وەرزشوانە دێرینە خاوەن یەکەم گۆڵی هەڵبژاردەی کوردستانە کاتێك لە یارییەکی دۆستانە لە وڵاتی ئێران لە ساڵەکانی حەفتا تۆماری کرد، دوای گەڕانەوەی لە ئێران دووبارە لە ریزی یانەی هەولێر یاری کرد تا بەیەکجاری وازی لە یاری تۆپی پێ هێنا، دوای وازهێنان لە تۆپی پێی ئەم وەرزشوانە دێرینە لە وەرزش دووركەوتەوە بە یەکجاری.

جێگەی باسە عادل شاکر لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکرد، بە پێی قسەی هاورییەکانی یەکێك بوو لە باشترین یاریزانەکانی شاری هەولێر.



# خۆشترین و ناخۆشترین کاتەکانی پیرلۆ لە میلان

لە دوا لێدوانیدا بۆ کەناڵی یانەی ئەی سی میلان، یاریزانی هێڵی ناوەڕاست ئەندریا پیرلۆ سڵاوی بۆ سەرجەم هاوڕێکانی نارد کە بەیەکەوە چەندین نازناو و دەسکەوتیان تۆمارکردووە، پیرلۆ گوتی: زیاتر لە ٤٠٠ یاریم لەگەڵ میلان ئەنجام داوە ئەوەش کارێکی زۆر باشە، سڵاوم بۆ سەرجەم هاوڕێیان، بەڵام ژیان بەردەوام دەبێت، هەر تاکێکیش خاوەن بڕیاری تایبەتی خۆیەتی.

پیرلۆ کە لە دوای ١٠ ساڵ یاریکردن لەگەڵ میلان بڕیاری ڕۆیشتنی دا دەربارەی کاتە خۆش و ناخۆشەکانی لە یانەی میلان گوتی: گەورەترین خۆشییم لە میلان ئەو کاتە بوو کە بۆ یەکەمجار نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپام بەدەست هێنا، ناخۆشترین کاتیشم بێگومان شەوەکەی شاری ئەستانبۆل بوو لە یاری کۆتایی بەرامبەر لیڤەرپول تا ئێستا نازانم چۆن ئەم یارییەمان دۆڕاند.

دەربارەی هاوڕێکانی یاریزان پیرلۆ گوتی: نێستا هاوڕێیەکی راستگۆیە، زۆر ناخۆشە کاتێك ماڵئاوایی لە هاوڕێکانت دەکەیت هەروەها لەو کەسانەی کە لە میلانیللۆ کارییان کردووە، ئێستا زۆر بە هێمنی مەشقەکان ئەنجام دەدەم بۆ ئەوەی تووشی پێکان نێم.

جێگای ئاماژە پێکردنە بە پێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان یاریزان پیرلۆ نزیکە لە یانەی یۆڤانتس لەو کاتەی یانەی سەدی قەتەری بۆندێکی گرانبەهای بە بڕی ٧ ملیۆن یۆرۆ وەك مووچەی ساڵانە پێشکەش بە یاریزانی ناوبراو کردووە.

# ریال مەدرید= ٪٤٠ کریستیانۆ + ٪٦٠ یاریزانەکانی دیکە



یانەی ریال مەدرید لە کۆتایی خولی یانەکانی ئیسپانیا بۆ وەرزی ٢٠١٠ – ٢٠١١ توانی ١٠٢ گۆڵ تۆمار بکات لە ٣٨ یاریدا کە ٤٠ گۆڵ لە لایەن ئەستێرەی پورتوگالی کریستینۆ رۆنالدۆ تۆمارکراوە کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانیە لە مێژووی لالیگای ئیسپانیا کە ژمارەی پێشوو بو ناوی یاریزانان هۆگۆ سانشیز و زارا بوو کە لە یەك وەرزدا ٣٨ گۆڵیان تۆمار کردبوو.

بە کردارێکی ماتماتیکی سادە ئەوە روون دەبێتەوە کە کریستیانۆ رۆنالدۆ بە کۆی گۆڵەکانی سەڕەرای ئەوەی کە هێرشبەرێکی سەرەکی نییە نزیکەی ٪٤٠ ی تواناو هێزی ریال مەدریدە لەو کاتەی سەرجەم یاریزانەکانی دیکە بە هێرشبەرەکانەوە تەنیا ٪٦٠ تواناو هێزی یانەی شاهانەن.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ خەڵاتی لاپچینی زێڕین لە سەر ئاستی گۆڵکەرانی ئەورووپا وەردەگرێت بەڵێنی بە هاندەرانی یانەی ریال دا لە وەرزی داهاتوو نازناوی لالیگا بۆ یانەکەی بەدەست بهێنێت و ئەم دەسکەوتەی بۆ سەرجەم یاریزانانی یانەکەی گەڕاندەوە، هەروەها ئەوەشی دووپاتکردەوە لەم وەرزدا ریال ئاستێکی باشی پێشکەش کرد بەڵام نەیتوانی خولی ئیسپانیا یان خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بباتەوە.

# بەرازیل لە کوپا ئەمریکا بەبێ پاتۆ دەبێت



پاڵەوانیەتی کوپا ئەمریکا بۆ هەڵبژاردەکانی ئەمریکای باشوور کەوا بڕیارە لە سەرەتای مانگی تە ممو ز ی

پاتۆ لە دوا ساتەکانی یاری نێوان هەردوو یانەی میلان و ئۆدینیزی تووشی پێکان هات لە شانی چەپەی کە ئەوەش دەبێتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە هەڵبژاردەی سامبا لە کۆپا ئەمریکا، لە دوای ئەم پێکانە پاتۆ گواسترایەوە نزیکترین نەخۆشخانە و لە دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەوت کە شانی پاتۆ دەرچووە و نەشکاوە، بەڵام پێویست بە مانگێك پشوو هەیە دواتر دەتوانێ دەست بە مەشقەکانی بکاتەوە، هەر بۆیە ناتوانێ بەشداری لە کوپا ئەمریکا بکات.

پاتۆ هاتە ریزی یاریزانی یانەی ئینتەرمیلان و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ستیبان کامبیسۆ کە ئەویش بە هۆی پێکانەوە بەشداری لە کوپا ئەمریکا ناکات.

داهاتوو یارییەکانی لە ئەرژەنتین دەست پێدەکات یەکێك لە ئەستێرەکانی لە دەستدا دوای ئەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل ئەلیکساندەر پاتۆ تووشی پێکان هات لە دوا یاری یانەکەی یانەی ئەی سی میلان لە خولی ئیتاڵیا.

# تیڤێز.. هۆکاری دوورخستنەوەی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نازانێت

کارلۆس تیڤێز هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانانیەی رەتکردەوە کە گوایە هۆکاری



# یۆرگن کلوپ تەنیا بەرشلۆنە لە دۆرتمۆند باشترە

یۆرگن کلوپ ڕاهێنەری یانە بروسیا دۆرتمۆند هەڵگری نازناوی بۆندسلیگای ئەڵمانیا پێی وایە تەنیا یانەی بەرشلۆنە لە کیشوەری

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# یانەی زاخۆ بووە پاڵەوانی جامی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی یاری کۆتایی جامی کوردستان لە شاری هەولێر بەهۆی درووست بوونی کێشەو ئاژاوە لە نێوان هاندەران وپۆلیس لە نێوان هەردوو یانەی زاخۆ وپێشمەرگەی سلێمانی تەنیا گێمێك تەواو کرا هەردوو یانەش بە گۆلێك یەکسان بوون،یەکێتی تۆپی پێ کوردستانیش بریاری دا گێمی دووەمی یارییەکە بەبێ هاندەرانی یانەی زاخۆ لە شاری کەرکوك بەرێوەبچێت،هەربۆیە لە رۆژانی رابردوو لەسەر یاریگای یانەی کەرکوك لە شاری کەرکوك بە ئامادەبوونی سەرۆك وئەندامانی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان وژمارەیەکی یەکجار کەمی هاندەران گێمی دووەمی یارییەکە لەنێوان هەردوو یانەی زاخۆ وپێشمەرگەی سلێمانی بەرێوەچوو،لەم گێمەش یاریزانانی هەردوو لائاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد.لە خولەکی ١٠یارییەکە سامح رۆستەم یانەی پێشمەرگەی بە گۆلێك پێشخست،بەڵام دوای خۆرێکسختنەوەی یانەی زاخۆ بە هێرشی چڕ توانیان لە خولەکی ٣٠یارییەکە گۆڵی یەکسان بوون تۆماربکەن،ئەم گێمەش بەمئەنجامە بۆهەردوو یانە کۆتایی هات،هەردوو یانەش پەنایان بردە بەر دووگێمی یەك لای کەرەوە،لە خولەکی ١٢ی گێمی یەکەمی زیاد کراو یاریزان بەرۆژ جادر توانی گۆڵی دووەم و سەرکەوتنی یانەی زاخۆ تۆماربکات .دوای ئەو گۆڵەش یاریزانانی یانەی پێشمەرگە چەند هەولێکیان دا بۆ ڕاست کردنەوەی ئەنجامی یارییەکە بەڵام گشت هەوڵەکانیان بێ سوود بوو یارییەکەش بە ئەنجامی یاری یەکەمیش (٣-٢) گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی زاخۆ بەکۆتایی هات و یانەی زاخۆ بۆیەکمجار لەمێژووی یانەکەی بووە پاڵەوانی جامی کوردستان،جامەکەشیان بەرەو زاخۆی دەلاڵ گواستەوە،سەبارەت بەم سەرکەوتنەش (سلێمان رەمەزان)ڕاهێنەری یانەی زاخۆ بۆفایلی وەرزشی گوڵان وتی «زۆرخۆشحاڵ بووم بە بەدەست هێنانی ئەو ئەنجامەبۆیە لێرەوە پیرۆزبایی خۆم بۆگشت هاندەرانی یانەی زاخۆ دەنێرم،ئێمە لە یاری یەکەمیش باشتر لە پێشمەرگە یاریمان کرد،بەڵام ئەو کێشە رێگر بوو لە تەواوی کردنی یارییەکە پێشتریش بەلێنم بە هاندەرانی یانەکەمان دابوو کە ئەو جامە بۆزاخۆ دەبێت،سووریش بووین لەسەر قسەی خۆمان جامەکەمان هێناوە زاخۆ .لە کۆتایش لەلایەن ئامادەبووان خەڵات ودیاری بەسەر یاریزانان وتیپە سەرکەوتوەکان دابەشکرا،خەڵاتی پاڵەوانی جامی کوردستان ١٠ملیۆن دینار بوو،خەڵاتی پلەی دووەمیش ٧ملیۆن و٥٠٠هەزار دینار بوو.



# ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق بۆ تایکواندۆ لە هەولێر تەواو بوو

هەفتەی رابردوو لە هۆڵی یانەی ئارارات لە شارۆچکەی پیرمام ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق لەسەر ئاستی کچان و کوڕان تەواو بوو بە مەبەستی خۆ ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو، حوسێن عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی یەکێتی تایکواندۆی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا گوتی: لە هۆڵی یانەی ئارارات ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق لەسەر ئاستی کوران و کچان تەواو بوو، لەم ئۆردوگایە ٢٤ یاریزانی کچ، کە هەموویان کوردن بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کرابوون و لەسەر ئاستی کوڕان ژمارەیەکی بەرچاوی یاریزانانی عێراق بەشداری لەم ئۆردوگایانە کرد.
لە درێژەی قسەکانیدا حوسێن عەبدولرەحمان گوتی: ئەم ئۆردوگایە بە مەبەستی دەستنیشان کردنی چوار یاریزانی کوڕ و چوار یاریزانی کچ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق بکەن لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢، کە یارییەکانی پاڵاوتن لە ئۆزباکستان ئەنجام دەدرێت لەم ٨ یاریزانی کوڕ و کچ نیوەی یاریزانانی کورد دەبن.
لە کۆتایی قسەکانیدا حوسێن عەبدولرەحمان گوتی:ئەم ئۆردوگایە ماوەی ٧ رۆژی خایاند و بەسەرپەرشتی راهێنەرێکی ئێرانی و دوو راهێنەری کورد یاریدەدەری ئەم راهێنەرە بوون ئەویش هەریەکە لە شوان محەمەد و کچە راهێنەر ئەلمێرا ئەحمەد رەسول و بە کردنەوەی ئەم جۆرە ئۆردوگا مەشقیانە هەوڵ دەدین کچە یاریزانانی کورد بگەنە ئاستێکی بەرز و بتوانن دەستکەوتی مەزن بە دەستبهێنن.



# خولێکی بلیارد بۆ وەرزشوانە

بەمەبەستی خزمەت کردنی وەرزشووانە دێرینەکانی یاری بلیار لە شاری هەولێر،یەکێتی بلیاری لقی هەولێر خولێکی بلیاری بۆوەرزشووانە دێرینەکان کردوە.
لە هۆڵی گازینۆی بلیاری شەوانی هەولێر لە پایتەختی کوردستان لقی یەکێتی بلیاری هەولێر هەڵسا بە ئەنجامدانی خولێکی بلیار بۆیاریزانە دێرینەکانی شاری هەولێر کە ١٨ یاریزانی دێرینی شاری هەولێر بەشدارییان کردوە لە خولەکە یارییەکانیش ماوەی چوار رۆژی خایاند،لە رۆژانی ململانێ یاریزانەکانیش بە ئاستێکی زۆر بەرز دەرکەوتن،لە بارەی ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانێتیەش (رەفعەت سادق) سەرۆکی



# یاریگەی ئۆڵۆمپی کەرکوک نۆژەن دەکرێتەوە

بەڕێوەبەری وەرزش ولاوانی پارێزگای کەرکوك رایگەیاند،کەوا بە دابین کردنی پارە لەلایەن وەزارەتی وەرزش ولاوانی عێراقی یاریگەی ئۆڵۆمپی شاری کەرکوك نۆژەن دەکرێتەوە و بڕی ٣٠ ملیۆن دیناری بۆ ئامادەکراوە، کۆمپانیایەکی تورکی ئەرکی نۆژەن کردنەوەی ئەو یاریگەیەی لە ئەستۆ گرتوە، جەبار محەمەد بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی کەرکوك ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە تەواوی یاریگەکە نۆژەن دەکرێتەوە لەلایەن چەندین کۆمپانیای تورکی، کە شارەزان لە بواری یاریگە کە ئەو یاریگەیە نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ هەزار کەس لەخۆ دەگرێت بۆ سەیر کردنی یارییەکان، کە پەیژەکانی یاریگەکە و زەوی یاریگەکە و تارتانی یاریگەکە بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و تەواوی یاریگاکە بەشێوازی نوێ ئامادەدەکرێتەوە،بە چاککردنەوەی ئەو یاریگەیەش بواری وەرزشی لە شاری کەرکوك دەگەشێتەوە لە گشت رووبەکەوە،جاری یەکەمیش لە نۆژەن کردنەوەی یاریگە دێرینەکەی شاری کەرکوك کە ئۆڵۆمپیە بە گەورەترین یاریگەی شاری کەرکوك دادەنرێت، بڕی ٤٠٠ملیۆن دیناری بۆسەرف کرابوو کە ماوەی یەك مانگ کاریان تێداکردووە،پێشتریش ئەو یاریگەیە لە کاتی گەڕانەوەی کوردەکانی کەرکوك بۆئەو شارە نزیکەی ٣٢٠خێزان لەو یاریگەیە نیشتە جێببوون دواتر بەفەرمانی سەرۆك کۆماری عێراقی هەرخێزانێك پارچەیەك زەوی و بڕێك پارەی پێدراوە بۆئەوەی ئەو یاریگەیە چۆڵ بکەن،ئەو یاریگایەش بە گەورەترین یاریگەهەژماردەکرێت لە شاری کەرکوك.



## دێرینەکانی هەولێر بەڕێوەچوو

لقی هەولێری یەکێتی بلیاری هەولێر بەفایلی وەرزشی گوڵانی راگەیاند گوتی «مەبەستمان لە کردنەوەی ئەو پاڵەوانێتیە ئەوە بوو بۆئەوەی یاریزانە دێرینەکان بە یەکتری ئاشنا بکەین،زۆر دەمێکە لێك دوورن ئێمەش مەبەستمان ئەوە بوو لێکیان نزیك بکەینەوە،١٨ یاریزانی بە تەمەنی شاری هەولێر ئەوانەی کە لەکاتی خۆی پاڵەوان بووینە بەشداری ئەو پاڵەوانێتیەیان کردوە، لە رۆژانی پاڵەوانێتیەکەش یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو هاندەرێکی زۆری وەرزش دۆست ئامادەی یارییەکان دەبوون،کە ببوە مایەی دڵخۆشی یاریزان دێرینەکان،شایەنی باسە ماوەی چەند ساڵێکە خولێکی لەم جۆرە بۆوەرزشکارە بەتەمەنەکان نەکراوەتەوە لە شاری هەولێر.

# سەرەتای مانگی داهاتوو خولی یانەپلە سێیەکانی کوردستان دەست پێدەکات

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە بارەگای خۆیدا بە ئامادەبوونی سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و گشت ئەندامانی یەکێتیەکە و نوێنەری یانە بەشداربووەکانی خولی پلە سێیەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هونەری بۆ یانەکان بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەیدا سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باسی گرنگی خولەکەی کرد و هەر لەم کۆبونەوەیدا سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاریدا بە سەرفکردنی بڕی ٥٠٠ هەزار دینار وەکو دیاری بۆ یانە بەشداربووەکان بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆیان پێ دابین بکەن و ژمارەیەك تۆپی وەکو دیاری بەخشیە تیپە بەشداربووەکان.

شێوازی بەڕێوەچوونی خولەکە بە دەرچوون بە دوو دۆڕاندن بەڕێوەدەچێت و یانەکان بە سەر سێ کۆمەڵە دابەش کراوەن ئەویش کۆمەڵەی هەولێر و دهۆك و کۆمەڵەی سلێمانی و کەرکووك دوای ئەنجامدانی تیروپشك کۆمەڵەکان بەمشێوەییە پێکهاتووە.

کۆمەڵەی هەولێر و دهۆك:گوڵان، تەق تەق، رواندز، سنجار، قەڵای تورکمان، ئەکاد، هێرش، جیهان، نیشتمان، شێخان.

یارییەکانی ئەم کۆمەڵەی لە ١-٦ بەڕێوە دەچێت.

کۆمەڵەی سلێمانی: چوارقوڕنە، قەڵادزێ،شارەزوور، قەرداغ،پێنجوێن، سەرچنار، پیرەمەگروون، بازیان،سەید سادق، رزگاری، رانیە.

بە هەمان شێوە یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە ١-٦ بەڕێوە دەچێت.

کۆمەڵەی کەرکووك

دووز، ئەرمەن، شۆریجە، لەیلان، سۆلاقی نوێ، بابا گوڕگوڕ،ئاشتی.

**خشتەی یارییەکانی ئەم خولە بەمشێوەیە.**

رواندوز-تەق تەق، گوڵان-سنجار، قەڵای تورکمان-ئەکاد، هێرش-جیهان

هەر یەك لە یانەکانی نیشتمان وشێخان چاوەڕوان دەبن

چوارقوڕنە-قەلادزێ، شارەزوور-قەرەداغ، پێنجوین-سەرچنار، پیرەمەگرون-بازیان، سەید سادق-رزگاری.

یانەی رانیە چاوەڕوان دەبێت

ئەرمەن-شۆریجە، لەیلان -سۆلاقی نوێ، بابا گوڕگوڕ-ئاشتی.

یانەی دووز چاوەڕوان دەبێت.